# بەشداری پارتەکانی باشور لە هەڵبژاردنی ئێراق و نیگەرانیەکان

## شاخەوان شۆڕش

هەڵبژاردن و بەشداری خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئێراقدا, پرسیاری لای گەلێ کەس دروست کردووە و بۆ گەلێ کەس دیلامایەکی ڕاستەقینەیە. ئەنجامی بەشداری کردن یا نەکردن ڕوون نییە و پرسیاری بێ وەڵام زۆرن.

دەسەڵاتدارانی کورد لە دروستکردنەوەی ئێراق بە هەماهەنگی عارەبان و ئەمەریکا و ئەوانیتر گەیشتوونەتە قۆناغی گرنگی هەڵبژاردن. پارتەکانی باشور بێئەوەی ئەوان خۆشیان لەداهاتووی ئێراق دڵنیابن, بێئەوەی گەلێ کێشە چارەسەرکرابێت, بەگەرمی هانی خەڵک دەدەن بەشداری لەهەڵبژاردنی ئێراقدا بکەن و بەڵێنی بریقوباق بە خەڵک دەدەن. لەڕاستیدا نیگەرانی خەڵک و پرسیار دروست بوون لای خەڵک زۆر گونجاوە و لەجێی خۆیدایە. پرسیاری گرنگ ئەوەیە: لەسەر چ بنچینەیەک خەڵکی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنی ئێراقدا بکەن؟ ئەو ئێراقەی وڵاتی ئەوان نییە و سنورەکانی بەزۆر بەسەریاندا سەپێندراوە. لەبەرچی پەرۆشی دروستکردنەوەی ئێراقێک بن کە بۆیان زیندانێکی بێبەزیی پر لە تاوان بوو؟ چ گەرەنتیەک هەیە ئەو ئێراقە دان بەمافی چارەنوسی کوردا دەنێت؟ کەس پرسی چارەنوسی بەوان کردووە؟ ئەوان هیچ قورساییەکیان بۆ داندراوە؟ ئەگەر بهاتبایە خەڵکی کوردستان ڕێگای بدرابایە لە ڕێگای ریفەراندەمێکەوە بڕیاری لەسەر سەربەخۆیی خۆی بدات, ئەگەر بهاتبایە خەڵک سەربەخۆیی نەویستایە و بەیەکەوەژیانی لەگەڵ عارەبان لە ئێراقدا هەڵبژاردایە, ئەوسا ڕەوا بوو خەڵک لەهەڵبژاردنی ئێراقدا بەشداری بکەن. بەڵام وەکو ئاشکرایە خەڵکی کوردستان ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبینراوە و بەگرنگ دانەندراون.

دیارە خراپ نییە بزانین بۆ پارتەکان رەتی هەڵبژاردن ناکەنەوە؟ ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن بکرێت چی دەبێت و واتای چییە؟ یا ئەگەری بەشداری کردن چۆنە و ئەنجامەکانی چین؟

سەرەتا بابزانین ئەگەرەکانی بەشداری نەکردن چۆنە و ئەلتەرناتیڤ چییە. بەشداری نەکردنی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی سەرەکی دەکرێ لەسەر دوو بنچینەوە بێت: یەکەم, لەسەر ئەوە بنچینە بگرێت, کەوا گەلی کوردستان پێیان وانیە مسۆگەری داخوازی و بەرژەوەندیەکانی لە ئێراقی لەنوێ دروستکراودا دەکرێت, نیگەرانی و نادیاری بەچارەسەری کێشەکان لەچوارچێوەی ئێراقدا زۆرن و گەرەنتیەک لەمبارەیەوە نییە. دووەم, یان لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان دوای ئەو هەموو کارەساتەی لەناو ئێراقدا بەسەریان هات و مەترسی لەناوچوونیان لەناو ئەو ستاتەدا هەبووە, ئەوە وایکردووە, ڕەتی چوونەوە ناو ئێراق بکەن, بەمجۆرە هەستیانکردووە بە پێویستبوونی بێئەملاوئەولای دروستکردنی کەسایەتیەکی سەربەخۆ و قەوارەیەکی ڕامیاری سەربەخۆ وەکو تاکە گەرەنتی پاراستن, مانەوە و گەشەکردنی خۆیان. ئەوەی دووەم لەسەر ئاستی پارتەکانی کوردستان (تاک و تەرای لێدەرچی) لەئارادا نییە. هیچ پارتێک لەپارتەکانی باشوری کوردستان گەورەو بچوک لەو بارەی ئێستادا لەگەڵ دروستکردنی کەسایەتیەکی سەربەخۆ و قەوارەیەکی ڕامیاری سەربەخۆی کورد نین و پێیان وایە ئەوە لەم قۆناغەدا ناکرێت. ئەوە باڵی بەهێزی ئۆتۆنۆمیخواز و باڵی لاوازی سەربەخۆخواز[i] هەردوولایان دەگرێتەوە. بۆیەش سازکردنی ڕیفەراندەم بۆ دیاریکردنی چارەنووس پشتگیریەکی ئەوتۆی لای ئەوان نییە. لەسەر ئاستی تاکدا بارەکە جوداییەکی هەیە, خەڵکێک هەن سەربەخۆ و بێلایەنن و کوردستانیانە بیر دەکەنەوە و وابەستەی هیچ بەرژەوەندیەک نین, ئەوانە خۆیان بەئێراقی نازانن و ناشیانەوێ بەشداری لە هەڵبژاردنی ستاتێک بکەن کە بە هی خۆیانی نازانن. بەڵام بەئەگەری زۆر ئەوانە کەمینەن و زۆر نین. چاوەڕوان دەکرێت خەڵکێکی زۆر بەدوای بانگەوازی پارتەکان بکەون و بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەن.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم, لەگەڵ ئەوەی دیارنییە تا چ ڕادەیەک بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان ڕێزیان دەگیرێت, لەگەڵ ئەوەی گەلێ کێشە بێچارەسەر ماونەتەوە و گەرەنتیەکیش نییە کەوا چارەسەرەکان لەبەرژەوەندی گەلی کوردستاندا دەبن, لەگەڵ ئەوەی نیگەرانی, نادڵنیایی و پێشێلکردن هەیە, بەڵام ئەوە وای نەکردووە پارتەکانی

کوردستان لەهەڵبژاردن دووربکەونەوە و لەئایندەی ئێراق ئومێدبڕ بن. ئەوەش دەکرێ گەلێ هۆی هەبێت, لەوانە:
یەکەم, ئەوانە پێیانوایە توانیویانە هەندێ دەستکەوت لە چوارچێوەی ئێراقدا و لەدەستورە کاتیەکەدا بەدەست بێنن, ئەوە وایکردووە ئومێدیان بەوە هەبێت ئەو دەستکەوتانە لەداهاتووشدا ڕێزیان دەگیرێت. چونکە ئەو ئێراقەی ئێستا ئەوەی کۆن نابێت و سیستەمێکی دیموکراسی و پلورال دادەمەزرێت و تیایدا کێشەکانی دیکەش ئەگەری چارەسەریان هەیە. ئەوەش گونجاوە لەگەڵ خەباتی درێژخایەنیان بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراقدا.
دووەم, لەگەڵ ئەوەی نیگەرانیش هەیە و نادڵنیایی زۆرن, لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی زیندوو سەبارەت بە دڕدۆنگی عارەبی دەسەڵاتدار هەیە, لەگەڵ ئەوەی پێشێلکردن هەیە, بەڵام هیچ ڕێگایەکی دیکە هەیە؟ ڕێگای دیکە دەبێ و پێویست دەکات کەوا لەگەڵ خەباتی ئەوان, ڕێکەوتنەکانی ئەوان, پەیمانبەستنەکانی ئەوان لەماوەی ڕابردووی دوور و نزیک و ئێستادا بگونجێت.  واتە ئەوان گەر پەنا بۆ سەربەخۆیی یا دیارکردنی چارەنووس ببەن, بەلایەکدا دەڕۆن کەوا ناگونجاوە لەگەل هەموو یا بەشێکی زۆری خەباتیان, ڕێکەوتنەکان و هەنگاوەکانی ڕابردوویان (مەبەست بەتایبەتی پارتە دەسەڵاتدارەکانە). ئایا ئەوەیان بۆ دەچێتەسەر و چی بەو خەڵکەی دۆستیان (وڵاتانی داگیرکەر و زلهێزەکان) دەڵێن؟ بەئەگەری زۆر ئەو هەنگاوە تووشی کێشەی زۆریان دەکات و مەترسیش لەسەر بوون و بەرژەوەندیەکانیان دروست دەکات, بۆنمونە ئەوە دەکرێ ببێتەهۆی بڕینی یارمەتی نێونەتەوەیی و دەرەکی, نەمانی ئەو یارمەتیە داراییەش ڕاستەوخۆ هەڕەشە لەبوونیان دەکات. ئەوە جگەلەوەی بۆنمونە ستاتێکی وەکو تورکیا ڕەنگە هەربەوەش نەوستێ و هێرش بکاتە سەریان, چونکە تورکیا شەڕی پاراستنی بۆ هەردولایان لەکات و سەردەمی جیاجیادا کردووە, بۆیە ئەوان قەرزاری تورکیان و نابێ کارێ بکەن دژی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی تورکیا بێت.
سێیەم, ئەوان سیستەماتیکیانە و چالاکانە بەشداری دروستکردنەوەی ئێراقیان کردووە, پشتگیری هەموو ڕێکەوتنەکانیان لەمبارەیەوە کردووە و دژی جیابوونەی کوردیش وەستاون. بۆنمونە ئەوان پەسندی بڕیاری **1546** ی یوئێنیان کردوو و دەستوری کاتی ئێراقیان مۆر کردووە, ئێستاش وابەستەی ئەو بەڵێن ڕێکەوتنانەن. وەکو ستاتە داگیرکەرەکان, ئەمەریکا و یوئێن تەبان لەسەر نەگۆڕینی باری ستاتوس کۆ.
چوارەم, ئەوان ئەوە دەزانن ئەوەی ئێستا دەستیان کەوتووە بەهۆی پاراستنی دەرەکی و ئەمەریکا بووە, ئەوان نەیەکگرتوون (بۆ بەئێراقیکردنی کورد یەکگرتوون) و نەخاوەنی پلاتفۆرمێکی ڕوونی نەتەوەیین, بۆیە چاویان لەوەیە لەگەڵ بار و دۆخەکە بڕۆن و چاوەڕوانن بزانن ئەمەریکا چی بۆیان پێیە و بۆ دەکات یا سەیردەکەن بزانن بارودۆخەکە بەچ لایەکدا دەشکێتەوە, بەهۆی بوونی ئەمەریکا ئەوان هەموو شتێک هەر نادۆڕێنن و هەندێ دەستکەوتیان هەردەبێت. ئەوان ڕێگاچارەیەک لەوە زیاتر نابینن و وەکو چۆن تائێستا خۆیان گونجاندووە, لەمەودواش هەروا دەکەن. بۆنمونە بەو پۆلیتیکەی خۆگونجاندنە توانیویانە بەرژەوەندیە کەسایەتی و پارتایەتیەکانی خۆیان بپارێزن.
پێنجەم, ئەوان ئەگەر بڕوایان بە "سەربەخۆیش" هەبێت, ئەوا سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێگای دروستکردنەوەی ئێراقدا دەبینن. واتە سەرەتا دروستکردنەوەی ئێراق و دروستکردنی سیستەمێکی دیموکراسی, پلورال و فیدرال کەتیایدا مافی هەموو نەتەوە و کەمینەکان وەکو یەک ڕێزیان بگیرێت, دوای ئەوە و لەسایەی سیستەمێکی ئاوادا ئەگەری سەربەخۆیی کورد باشتر دەڕەخسێ و دەکرێت بێتەدی. دیارە ئەوە لەڕوانگەیەکی زۆر گەشبینانەوە, بەڵام لێرەدا هەندێ کێشەی بنچینەیی هەن لەوانە: **1**. بوونی سیستەمی دیموکراسی و فیدرال مسۆگەری سەربەخۆیی ناکات و دەکرێ زۆر دژی ئەو هەنگاوەش بێت, چونکە سیستەمەکە لەبنچینەدا بۆ ڕێگاگرتن بەتێکچوونی یەکێتی خاکی ئێراق دامەزراوە و کاری بۆ کراوە. سیستەمەکە وەکو ئەلتەرناتیڤی پارچەبوونی ئێراق هاتۆتەدی. بۆنمونە دیموکراسی واتای سەربەخۆیی گەلی باسک لەئیسپانیا نەبوو.
**2**. مافی جیابوونەوەی کورد لە ئێراقی ئایندەدا, لەئەگەری بوونی سیستەمێکی دیموکراسی و ڕەوادا دەبێ لەیاسای بنچینەیی ئێراقدا بەڕوونی دانی پێنرابێت و یاساییانە بتوانێ پەیڕەوی ئەو مافە بکات. لەدەستوری کاتی ئەوە

نەهاتووە و بەپێ گوتنی تاڵەبانی ئەوان مافی چارەنووسیان وەکو فیدرالی بەکارێناوە. بەمشێوەیە ئەوان نەک هەر کوردستان دەکەنە بەشێک لە ئێراق, بەڵکو ڕێگاش لەداهاتوودا لەوانە دەگرن کە هەوڵی جیابوونەوە دەدەن.
3. لەئەگەری نەبوونی مافی جیابوونەوەی یاسایی, وادەکات هەر هەوڵێکی جیابوونەوە بە ناپاکی و دژە نیشتیمانی دابندرێت, بەمجۆرە ڕەوایەتی دەداتە دەسەڵاتی سەنترال بەشێوە و ڕێگای جیاواز دژی ئەو هەنگاوە بوەستێتەوە. لەلایەکی دیکە ئەو مەترسیە دەرەکیەی (هەڕەشەی وڵاتانی داگیرکەر) کە پارتە دەسەڵاتدارەکان ئێستا ئاماژەی بۆ دەکەن, ئەوساش هەر بەهەمان شێوە خۆی دەنوێنێت و بوونی دەبێت. ئەوە جگەلەوەی ڕەنگە زۆر لە زلهێزەکان و ستاتەکانی جیهان دژی هەنگاوی ئەوهای نایاسایی بووەستن و بۆیە پشتگیری ستاتی ئێراق بکەن.
4. لەئەگەری سەرگرتنی سیستەمێکی فرەکەلتوری و پلورالدا, کار بۆ ئەوە دەکرێت جوداییە ڕەگەزیەکان کەمکرێنەوە, سنورە ڕەگەزیەکان هەڵوەشێندرێنەوە و هەموولایەک خۆیان لەبۆتەی ناسیونێکی گەورەتر کە ناسیۆنی ئێراقە بدۆزنەوە, هەوڵی گۆڕینی تێگەیشتنی ناسیۆن بۆ شێوەیەکی بەرفراواتر و پشوودرێژتر دەدرێت, بەشێوەیەک کەسانی سەر بە ڕەگەزێک ئاشنایەتیان لەگەڵ ناسیۆنە سەرتاسەریەکەدا بەهێزتر بێت و وابەستە ڕەگەزییەکەیان وەکە دیاردەیەکی کەلتوری ببینن (گەلێ لە خالەکانی دەستوری کاتی ئاماژە بۆ ئەو ڕەوتە دەکەن). بەکورتی ئەو سیستەمە دیناسیونالیزەکردن دەگرێتەخۆی و هەوڵدەدات تێگەیشتنی ناسیۆن بگۆڕێت و وابکات و دڵسۆزی تاکەکان لەڕەگەزەوە بگوازێتەوە بۆ چەمکەکانی ئازادی تاک و یەکسانی هاوڵاتی و ناسیۆنە نوێ و ناوچەبەزێنەکە. ئەو سیستەمە لەخراپترین باردا توانەوە دەگرێتەخۆی. ئەو مەترسیە هەیە و لەئەگەری سەرکەوتنی ئەو بارەدا دڵسۆزی ڕەنگە بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان زیاتر بۆ لای ئێراق دەبێت و بەمجۆرە لەگەڵ جیابوونەوە نابن و کورد بوون دەبێتە واتایەکی کەلتوری و چیترنا.

واپێدەچێت خەڵکێکی ڕەنگە زۆری باشوری کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی ئێراق بکەن, ئەوەش لەلایەک لەبەر هاندانی پارتەکانی کوردستان بۆ بەشداریکردن. هەروەها بەهێزیی میدیای ئەو لایەنانە لەبەرامبەردا نەبوونی میدیای بەرهەلستکار و کوردستانی. لەلایەکی دیکە نەبوونی تاوتوێکردنێکی بێلایەن سەبارەت بە هەڵبژاردنەکە و لێکدانەوەی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردستان لەهەڵبژاردنەکەدا لەبەرڕۆشنایی تێڕوانینێکی کوردستانیانەدا.
بەشداریکردنەکە بەئەگەری زۆر ڕوودەدات, لەم بارەی ئێستادا چی چاوەڕوان دەکرێت؟ ئەوەی بەئەگەری زۆر ڕوودەدەن لەوانە: یەکەم: بردنەوەی هەڵبژاردن لەلایەن زۆرینەی عارەبی شیعەوە. عارەبە شیعەکان خەونی دێرینەی خۆیان بەدەست دێنن و دەسەڵاتی ئێراقیان تاڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە دەست. ئەمەش ڕێگا لەبەر دەمیان بۆ پیادەکردنی بەرژەوەندیەکانیان خۆش دەکات, لەوانە: ئیسلامیزەکردنی سیستەمی ئێراق بەپێی توانا. ئەوان توانیان لە یاساکاتیەکەدا ئیسلام بکەنە یەکێ لەسەرچاوەکانی یاسادانان و وەکو پرەنسیپێکی گەردوونی بەرامبەر مافە گەردوونیەکانی یوئێن بیسەپێنن. ئەمە جگەلەوەی ناکۆکیەکی قوڵ لەبنچینەدا لەسەر مافەکانی مرۆڤ بەگشتی دروست دەکات, ئەوان لێنەگەڕان سیستەمەکە سیکولار و بێلایەن بێت. لەلایەکی دیکە شیعەی زۆرینە باشتر دەتوانێ یەکێتی خاکی ئێراق بپارێزێت و ڕەچاوی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ئێرانی دۆستیان بکەن.
دووەم: عارەبی سوننەی کەمینە بۆ یەکەمجار لەمێژووی دروستبوونی ئێراقدا, لەدەسەڵات ڕۆڵی سەرەکیان نابێت و ناچار دەبن خۆیان لەگەڵ ئەوە بارە نوێیەدا بگونجێنن, ئەوەش بەئەگەری زۆر بێ کێشە و ململانێ نابێت و ڕەنگە زۆر بخایەنێت. بەڵام ئەوانیش جگەلەوەی لایەنی بەهێزی ئیسلامیان لەناو دروست بووە و ئەو ئیسلامیستانە پشتگیری ئیسلامیزەکردن دەکەن, ئەوان بەگشتی هەوڵی پاراستنی یەکێتی خاکی ئێراق دەدەن و لەوەدا لەگەڵ شیعەکان یەکدەگرنەوە و هەوڵ دەدەن سود لە زۆرینەی خۆیان وەکو نەتەوەی باڵادەستی عارەب لەمبارەیەوە وەرگرن.
سێیەم: کورد لەهەڵبژاردنەکەدا ڕێژەکەی لەئاست نەتەوەی زۆرینەی عارەبدا دەردەکەوێت, کە ڕەنگە ببێتە نائومێدیەکی زۆر بۆ ئەوانەی بەهیوای ڕێژەیەکی زۆر بوون. ئەگەر ئەوە ڕوویدات ئەوا کەمی ڕێژەی کورد لەئاستی دەسەڵاتی فیدرالدا, کورد لاواز و پەراوێز دەکات و بەمجۆرە چارەسەری کێشەکانیشی ڕەنگە بەشێوەیەک نەکەوێتەوە

که ئەوان دەیخوازن. ئەو کێشانەی که ئێستا به هەڵواسراوی ماونەتەوە, سەختە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە, که دەکرێ ببێتەوەهۆی بەرپابوونەوەی ناکۆکی. ئەو خاڵانەی که لەدەستوری کاتی دەسەڵاتدارانی کورد خۆیان مۆریان کردوون, لەڕاستیدا داو و تەلەن بۆ بەرژەوەندیەکانی کوردستان, گۆڕینیان زۆر سەخت دەبێت و ڕەنگە یاسا و برگەی تری زیاتری لەو جۆرەش بسەپێندرێت, چونکە کاتێ کورد بەهێز دەهاتە بەرچاو هەر ئەوەندەیان پێکرا, ئێستا گەر بەپێی هەڵبژاردن لاواز دەرکەون, ڕێگای سەپاندنی پێشگر و کۆسپ بۆ بەردەم بەرژەوەندیەکانی کورد زیاتر دەکەوێتە سەرپشت. گەر کورد ڕێژەیەکی بەرچاوی وەکو 25 لەسەدا یا زیاتری بەدەست هێنا ئەوا, دیسان واتای ئەوە نابێت کێشەکان بەپێی بەرژەوەندی ئەوان چارەسەر دەکرێن. لەو بارەشدا کورد کەمینەیە و بەئاسانی دەتوانرێ پەراوێز بکرێت, گەر عارەبی زۆرینە مەبەستی بێت. ئەو کێشانە که ئاماژەمان بۆیانکرد هەموویان لەمبارەشدا هەن و سەپاندنی بەرژەوەندیەکانی کوردستان ئاسان نابن و ڕەنگە چارەسەری گونجاو نەتوانرێ بدۆزرێنەوە و بەمجۆرە دەرگای سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی ڕەگەزی زیاتر بکرێنەوە. کورد لەپەرلەمانی ئێراقی بەپێی ڕێژەی خۆی ئەندامی دەبێت, مینستەری بەهەمان شێوە دەبێت و بەپێی ڕێژەی خۆی بەشداری دەسەڵات دەکات. ئەوان وەکو ئێراقی کار بۆ ئێراق دەکەن و دەبێ بەرژەوەندیەکانی ئێراق بپارێزن. چاوەڕوان دەکرێت کورد وەکو کەمینە لە دەزگاکانی یاسادانان و بەڕێوەبردن و دادا تووشی کێشەی زۆر ببن.

چوارەم: ئەگەر دەسەڵاتدارانی کورد لەکاتی بوونی کێشەی زۆر و نائارامیشدا وەکو ئێستا وابەستەی پارێزگاری یەکێتی خاکی ئێراق بن, ئەوا زۆر واپێدەچێ دەستبەرداری هەندێ داواکاری بنچینەیی نەتەوەیی گرنگ ببن, ئەوەش لەپێناوی یەکگرتوو هێشتنەوەی ستاتی ئێراق. ئەوە هیچ دوورنییە لەکاتێکدا ئەوان ترادیسیۆنێکی ئۆتۆنۆمیخوازیان هەیە و خۆگەنجاندن پۆلیتیکی هەمیشەییان بووە. لەکاتێکدا ئەوان یەکگرتوونین , بڕوا بەیەکتر ناکەن و ئاستی هوشیاری ناسیونالیستانەی خەڵکی کوردستان نزمە.

پێنجەم: ئەو گروپە جیاوازانەی ناو ئێراق ڕابردوویەکی باشیان لەگەڵ یەکتر نییە و هەمیشە لەناکۆکی خوێناویدا بووین. کێشە زۆرن کە بەئاسانی دەتوانێ ئەو ناکۆکیانە زیندوو بکاتەوە و گێژاو دروست بکات. ئەوە جگەلەوەی چاوەڕوان دەکرێت خەڵکێکی زۆری ڕەگەزپەرستی عارەب دەسەڵاتیان بکەوێتە دەست و هەوڵی سەپاندنی بەرژەوەندیەکانیان بدەن.

بەکورتی ئێراقێک لەسەر بوونی کێشە کۆنەکاندا دروست دەکرێتەوە و هەوڵ دەدرێت ئەمجارەیان لەڕێگایەکی دیکە چارەسەر یا کەنترۆلی ئەو کێشانە بکرێت. بەڵام لەبەر نەبوونی ئارەزوو و دەستپێشخەری بەرابەر لەلایەن گروپە جیاجیاکانەوە, لەبەر نەبوونی کۆنتراکتێکی هۆشمەندانەی ئارەزوومەندانە, لەبەر دەست تێکەڵکردنی لایەنی دەرەکی, لەبەر هەبوونی گروپی ڕکابەری توندڕەو, لەبەر هەبوونی بێ بڕوایی و گومان لەیەکترکردن لەنێوان گروپەکاندا, لەبەر نەبوونی ویستی ڕاستەقینە بۆ چارەسەر, چارەسەری گونجاوی ئەو کێشانە زۆر سەختە و بەئەگەری زۆر درێژخایەن نابن. ئێراق دروست دەکرێتەوە کۆمەڵێک کێشەی چارەسەر نەکراوی لەگەڵدا دەبێت, ئەو کێشانە زۆریان ڕەگێکی قووڵی مێژوویی و خوێناویان هەیە, بۆیەش ئەگەری تەقینەوەیان هەیە و چارەنووسی ستاتەکەش بەنامسۆگەری دەهێڵێتەوە.

**2005.1.11**

---

[i] هەندێ پارت لەباشور بانگاشەی خەبات بۆ سەربەخۆیی دەکەن, بەڵام ئەو پارتانە پشتگیری زۆربەی یا هەموو هەنگاوێکی ئێراقچیانەی یەکێتی و پارتیان کردووە. ئەوەش دەکرێ چەند هۆیەکی هەبێت لەوانە, بەئەگەری زۆر لەبەر نەبوونی سەربەخۆیی ئەوپارتانە و بۆ ئازادنەبوونی ئەو پارتانە دەگەڕێتەوە, بەو واتایە ئەوانە وابەستەی یارمەتی دارایی ئەو دوو دەسەڵاتەی باشورن و نایانەوێ کارێ بکەن, ببێتە هۆی هەراسانکردنی ئەوان. یارمەتی دارایی و خۆگونجاندنی ئەو پارتانە زیانبەخشانە شکاوەتەوە سەر هەڵوێستی ڕامیاریان.